# لە سنوری تەوێڵەوە

# مەشروبات دەچێت بۆ ئێران و تلیاکیش دێتە کوردستان

## بەرپرسێکی ئاسایش " گومان دەکرێت کە دەستی لایەنێکی سیاسی لە پشتەوەبێت " قاچاخچییەکی تلیاک

## " شۆفێری یەکێک لە حیزبەکان بە سەیارەی حیزبەوە مەشروباتی لێرەوە دەهێنا و تلیاکیشی لەوێ وەردەگرت "

**بەدواداچوونی ڤین – سنوری تەوێڵە**



سنورەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئێراندا بۆتە ترانزێتی قاچاخچییەکانی تلیاک لە ناوچەکەدا

دەزگای ئاسایشی هەرێم پێی وایە ساڵی (٢٠٠٥) گەورەترین ڕێژەی تلیاک دەستی بەسەردا گیراوە، سەرەڕای نەبوونی پێداویستی تەواو بۆ ڕێگری ئەو دیاردەیەو نەبوونی پسپۆڕی تەواو بۆ ناسینەوەی، لە هەمان ساڵدا لە ناوچەی شارەزوور و هەڵەبجە و خورماڵ و هەورامان چەندین کەسی بە تۆمەتی بازرگانی و بەکارهێنانی تلیاک دەستگیرکراون.

زۆرێك لە چاودێران پێی وایە ئێران سەرچاوەیەکی سەرەکی تلیاکە بۆ ناوچەکە کە بە یەکێك لە ڕێڕەوە سەرەکییەکانی گوێزانەوەی تلیاك دەژمێرێت بۆ عێراق و ئەوروپاش.

سەربەست یەکێکە لەو کوردە عێراقیانەی کە لە یەکێك لە گوندە سنوریەکانی کوردستان دەژی بەم شێوەیە بەسەرهاتی تێکەڵبوونی بە تلیاك دەگێڕێتەوە "ئەوکاتەی ناوچەکەمان بەگشتی بوبوویە ناوچەی ئەنسار و جوند، پێشتریش گەمارۆ خرابووە سەر ناوچەکەمان بەهۆی پارتە ئیسلامییەکانەوە، ئاستی گوزەران دابەزیبوو، منیش هیچ کارێکم نەبوو، هیچ داهاتێکم نەبوو، بۆیە ژیان و داهاتم تا ئاستی سفر دابەزیبوو، کاتێکیش ناوچەکە ئازادکرا دەرگایەکی فراوان کرایەوە بە ڕووی ناوچەکەدا، خزمێکمان لە ناوچەی ئێران بوو پێی وتم "بۆچی مەشروبم بۆ ناهێنیت مەشروب لە لایەن ئێرانییەکانەوە زۆر بایەخی پێدەدرێت" منیش هیچ شارەزاییەکم نە لە مەشروب و نە لەوشوێنانەدا هەبوو کە مەشروبی لێدەفرۆشرا، بۆیە ناو و جۆرەکانی بۆ نووسیم لەگەڵ ناونیشانی ناسراوێکی کە دووکانی مەشروبی لە سلێمانی بوو، هەرچەندە دووکانی مەشروبات نەبوو، منیش ڕۆشتم بۆ لای برێك مەشروبی بۆ

بەدواداچوون

22 ڤین

ئامادەکردم دوای سێجار مشروب بردن وتی دیارییەکم هێناوە بیبە بۆ ئەو هاوڕێیەم کە پارمەتیت ئەدات مەشروب بکڕیت، دیارییەکە لە ناو کارتۆنێکی بچوکدابوو لە هی ئوتو دەچوو بە زەرف داپۆشرابوو، کە بردم پێم گەیاند ئەویش وتی منیش دیارییەکم کڕیوە بۆ ئەو، بە هەمان شێوە بە داپۆشراوی دایە دەستم، کە بردمەوە بۆ هاوڕێکەم وتی ئەوە تلیاك بوو من بۆم نارد ئەوەش ئەو ناردوویەتی دۆلارە، ئەگەر لەم بازرگانیەشدا شەریکیم بکەیت ئەوا زۆرترت دەستدەکەوێت، من تا ماوەیەك وەستام و بیرم لێکردەوە، زۆر ترساندمی وتی ئێمە باندین، ئەگەر ئاشکرامان بکەیت یان هاوکاریمان نەکەیت دەتکوژین پاشان وتم یارمەتیت دەدەم، هاتمەوە ماوەیەك بیرم لێکردەوە دواتر وتم ئاشکرات ناکەم، بەڵام کاسبی ناکەم هەر دەترسام ئیتر نەچوومە ناو ئەو یارییە ترسناکەوە"

هاوڵاتییەکی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بەناوی (فەیروز) هەرچەندە حاشا لەوە دەکات کە بازرگانی بە تلیاکەوە کردبێت، بەڵکو دەڵێت من جگە لە موخەدەرات گشت قاچاخییەکم کردووە، هەر لە پارەی تەزویرەوە (سپاچەك و دۆلار) تاوەکو ژەهری مار و جیوە و ژەهر لە جۆری (سترکنین)، بەڵام بەو هۆیەوە کە زۆربەی هاوڕێ و ناسیاوە قاچاخچییەکانی و ئەو کەسانەی کە ئەو مادانەی پێداون بازرگانیشیان بە مادەی سڕکەرەوە کردووە، فەیروز شارەزاییەکی تەواوی لە بازرگانی و سەرچاوەی مادەی سڕکەردا هەیە لەم بارەیەوە دەڵێت"سەرەتای تلیاك هێنان بۆ کوردستان لە پاش ساڵی (١٩٩٣) بوو کە پیاوێکی خەڵکی کورستانی عێراق برێك تلیاکی هێنایە سلێمانی، دواتریش چەندجارێك ئەم کارەی کرد تا کاتی شەڕی ناوخۆ، یەکیەتی پێیزانی ئەویش لە ترسی یەکیەتی ڕایکردوو چووە دەرەوە"

فەیروز پێی وایە ئەو هاوڵاتیانەی کە سەردانی ئێرانیان کردووە ژمارەیەکیان موعتاد بوون بە تلیاك، بەڵام بازرگانیان پێوە نەدەکرد.

ئەو پێی وایە لە ساڵی (١٩٩٧) بەدواوە تلیاك بە ئاسانی هاتۆتە کوردستان، فەیروز ئاماژەی بەوە کرد شۆفێری یەکێك لە حیزبەکان بە سەیارەی حزبەوە هەم مەشروباتی بۆ ناسیاوەکانی ئەم بردووە هەم تلیاکیشی لێوەرگرتوون، بەڵام زۆری نەبردووە ئەو شۆفێرە دیارنەماوە و ونکراوە، ئەو گومانی لە هێزی دووی سۆران هەیە کە ئەو شۆفێرەیان کوشتبێت، چونکە پێشتر ئەو شۆفێرە گومانی لەو هێزە هەبووە کە چاودێریان کردبێت، هەرچەندە وابڵاوبووە کە ئەو شۆفێرە چووەتە ئەفغانستان.

فەیروز دەڵێت"پاش ڕووخانی ئەنسار دەرگایەکی گەورە کرایەوە بۆ ئەم بازرگانییە، پێش ئەوەی ئاسایشی کوردستان هەست بە دیاردەیەکی لەم جۆرە بکات تلیاکیەکان ژمارەیەك دەستگێریان دروستکرد، تا ژمارەیەك لەو دەستگێرانە گیران"، ئەو دەڵێت"باندی تلیاکی نەك لە کوردستانی عێراق لە کوردستانی ئێرانیش نین، ئەکرێت کەسێك هەبێت پەیوەندی بە باندێکەوە هەبێت و لێرە خوی بە پیلەوەری تلیاك بزانێت، بەڵام لەوانەیە ئەسڵەن دەستگێری باندەکان بێت، ئەوانەش گیراون بەکرێ کاریان کردووە نەك بە کڕین و قازانج"

فەیروز پێی وایە لە ئێران زۆربەی مادە سڕکەرەکان هەن، هەر لە تلیاك و حەشیش و گەرد و هێرۆین، کەمێکیش کۆکاین هەیە، بەڵام کوردەکان حەشیشیان پێ خۆش نییە و توانای کڕینی هێرۆینیشیان نییە، بۆیە زۆرتر تلیاك دەکڕن، ئەو دەڵێت"ئەگەر یەکجار هێرۆین بەکار ببەیت ئیتر ناتوانیت وازی لێ بهێنیت"

فەیروز ئاماژەی بە ڕۆڵی حکومەتی ئێرانی کرد لە بڵاوکردنەوەی تلیاکدا لە ناوچە کورد نشینەکان لەم بارەیشەوە ئاماژەی بەوەدا حکومەت بۆ ناوچە سوننە نشینەکان و بەتایبەتیکوردیش زۆر ڕێگری ناکات، لەم بارەیەوە دەڵێت"لە (پاوە و کامیاران و ڕەوانسەر) من سەد تلیاك فرۆشت بۆ پەیاکەم کە ئەگەر لە شارستانەکانی شیعەکاندا بوونایە ڕۆحیان دەرئەهێنان، بەڵام تاران بە حکومەت کۆنترۆڵ ناکرێت، چونکە گەورەیە"، فەیروز بڕوای وایە حکومەت بۆ تێکدانی ناوچە سوننییەکان زۆر کێشە بۆ تلیاکیەکان دروست ناکات.

سەبارەت بەوەی ئایا دەزگاکانی ئێران بە پارە چاوپۆشی لە تلیاکییەکان دەکەن فەیرزو دەڵێت"ئیتلاعاتەکان خۆیان تلیاکین، بە قاپێك مەشروب ئیمام جومعەت بۆ ئەهێنمە هەڵپەڕین"

لە لێدوانێکدا بەرپرسی ئاسایشی تەوێڵە وتی" تاوەکو ئێستا ئێمە چەند حاڵەتێکی جیاوازمان گرتووە زۆرێك لەوانەش خەڵکی ئێرانن کە دەیهێننە سەرسنورەکانی کوردستان و دەیدەنە دەست ئەو کەسانەی لە کوردستاندان، ئێمەش چەند کەسێکی خەڵکی کوردستانمان بەو هۆیەوە دەستگیر کردووە" هەروەها بەرپرسەکە ئاماژەی بەوە کرد کە زۆرترین کێش تاوەکو ئێستا گرتبێتمان دوو حاڵەت بووە(٥٠٠)و (٣٠٠) گرام بووە. سەبارەت بەوەی کە ئەمە کەسایەتی و لایەنێکی سیاسی لە پشتەوە بێت وتی"ئێمە گومانمان هەیە لەوە پێدەچێت کە ئەم حاڵەتە دەستی لایەنێکی لە پشتەوە بێت" تەئکیدیشی لەوە کردەوە کە لە سنورەکانی تریش چەند حاڵەتێکی تر گیراون.